

**پاکێجێک و دوو بابەت** **هەڵۆ بەرزنجەیی**

**٢٠١٩/٨/٢٨**

<u>یەکەم:</u>

Solidaritätszuschlag...((Soli))

زۆلی ئەڵمانیا چییە؟.

پشتیوانی و هاوکاریی زیادە، لەسەر باجی داهات و باجی کۆمپانیاکان ناسراو و کورتکراوە بە ( زۆلی) بڕیارێکی حکومەتی ئەڵمانییەیە بۆ زیادکردنی باج لەسەر هاوڵاتییەکانی،کە لەساڵی ١٩٩١ دا داوێتی. واتە دوای ڕووخانی دیوارەکەی بەرلین و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا.

ئامانجی سەرەکی لەم بڕیارە، گوایە بۆ هاوکاری جەنگی کەنداوی دووەم و کۆمەکی وڵاتانی رۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەورووپای رۆژهەڵات و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیایە. بڕیار بوو بۆ ساڵێک ئەم بڕیارە جێبەجێ بکرێ. بەڵام هەر بەردەوام بوو، تا لەساڵی ١٩٩٥ دا بە تەواوی بەناوی کۆمەک و هاوکاریی ـ خەرجی و ئەرکی ـ ((یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا)) تا ئێستا درێژەی کێشاوە. بڕەکەش بە ٥,٥٪ بووە لە داهاتی مووچەخۆر و کارخانەکان. ئێستا دوای ئەو هەموو ساڵە، هەوڵێک هەیە بۆ نەهێشتنی ئەم ئەرکە لەسەر هاوڵاتی و کارخانەکان. ئەوەبوو حکومەتی ئەڵمانی لەم ڕۆژانەدا رێککەوتن لەسەر ئەوەی لە ساڵی ٢٠٢١ دا ، ئەو باجە لەسەر بەشێک لەخەڵک نەمێنێت. ئەوانەی رەبەنن و ساڵانە لە ٧٤,٠٠٠ هەزار یۆرۆ کەمتر پەیدا دەکەن و ئەوانەی خاوەن خێزانن لەساڵێکدا ١٥٢,٠٠٠€ کەمترە داهاتیان . بەڵام ئەوانی دیکە دەبێت بەردەوام ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن و زۆلی بدەن.

 

 


ئەوەی من حەزدەکەم ئاماژەی پێ بدەم، دیوێکی تری ئەم ئەزموونەی ئەڵمانە. هاوڵاتی ئەڵمانی سەرباری دەوڵەمەندی دەوڵەتەکەی، ٢٨ ساڵە هاوشانی یەکتر لە پرۆسەیەکی گرنگی نەتەوەییدا هاوکارە ،بێ ئەوەی هاتوهاوارێکی هێندە ناساز بکات،تەنانەت دراوسێکەشی هەستی پێ بکات . بەدرێژایی ساڵانی دوای روخانی دیواری بەرلین و یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا، ٥- ٦ جار ڕێکەوتی خەڵکم کردووە ، بەجۆرێک لە جۆرەکان داد و بێدادی بوو بێت، لەدەست یەکگرتنەوە و سەختبوونی ژیانیان... هەموو قسە و هەڵوێستی ئەوانەش بریتی بووە لە « بریا دیوارەکە نەڕووخایە» « هەق بوو چەند چینێکی تر لە دیوارەکە بنێن، تا بەرزتر بوایەتەوە» یاخود بێزاری ڕۆژئاواییەکان،لەدەست بێچاوڕوویی رۆژهەڵاتییەکان لەهەڵسوکەوتی ئۆتومبێل هاژووتندا،بۆتە جێی نیگەرانی کەسانێکی زۆر. بەم جۆرە ئاو بهێنە و دەستی خۆت بشۆ.

کەواتە ئەم خورتە و بۆڵەیە کە شتێکی ئاساییە هەیە، لێ لەوە گرنگتر و جێی سەرنج ، ئەوەیە حیزبە ئەڵمانییەکان ئەم دیاردەیە کە هەیە نەیانکردۆتە/ نەیانکردە ئامانجی سیاسی و بۆ مەرامی خۆیان و پەکی حکومەت و کاروباری فەرمی هاوڵاتیان و خوێندنییان پێ نەکردووە. هەمیشە هەر بە ئاوات و مەبەستی ئەوە بوون ، تەواوی حاڵەتەکە دووری سیاسی وەرنەگرێت و تا بێت پرۆسەی یەکگرتنەوە و تێکەڵاوبوونی هەردوو سیستەمەکە سەرکەوتووانە بە ترۆپک بگات. شایانی ئاماژە پێدانە،هەردوو وڵاتی ئەڵمانیا لە دوو بلۆکی سیستەم تەواو جیاواز و دژ بەیەکدا بوون. ـ سەرمایەداری ڕۆژئاوا و سۆسیالیستی ڕۆژهەڵات.

ئەوانەی ئەڵمانیایان دیوە بەتایبەت بەرلین شارەزان ، دەزانن کە دوای یەکگرتنەوە چ شتێک بنیات نراوە و چۆن بەشە رۆژهەڵاتییەکەی لەشارێکی تازەی مۆدێرن دەچێت..

لە کاتێکدا گەر وێنەی کۆبانی و حەڵەب بهێنینە بەرچاومان، لە شەڕدا چییان بەسەر هات ، ئەوە بەرلین سەدقات وێرانتر بوو..بەم شێوەیە، حکومەت و میللەت هاوکار بوون بۆ بیناکردنەوەی وڵاتێکی داڕزاوی سەردەمی بلۆکی سۆسیالیستی رۆژهەڵات ، کە ئێستا

له جیهان دا، بەهێزترین وڵات ئەژمار دەکرێ.
شایانی ئاماژە پێدانە، ئەوکاتەش ئەڵمانیا ئابووری بەهێز بوو. ڕێژەی بێکاری کەم بوو. نزیکەی ئیشکەری ٨٢ هەشتا و دوو ملیۆن دانیشتوان باجیان دەدا بە کۆمپانیایانەوە...

کەچی لەوڵاتی دواکەتوو و بارگاوی بە ئەگێندای دەرەکی ئێمەدا و لە ئاکامی نەبوونی پرۆژەی نەتەوەیی و سیاسەتێکی روون و ئاشکرا، دیمان لە قوناغە سەختەکان دا. باشتر بڵێم ساتە قەیراناوییەکان دا، چۆن هەوڵی ئەوە درا پرسی مووچە جێی دۆزی نەتەوەی کورد بگرێتەوە. پەنا بۆ داگیرکەرو دوژمن برا و کێشە گەوهەرییەکە لە بەها و سەنگی کەم بۆوە...بەڕادەیەک حیزبە سیاسییەکان ئەم قەیرانەیان بۆ بەرژەوەندی تاکتیکی و رۆژانەی خۆیان قۆستەوە، کە دابەزینە ئاستێکی نزم و شێواوی و شپرزەییەکی زۆریان بۆ جەماوەر و خەڵک قووت کردەوە. لەم ڕێگایەشەوە زیان بە باری ئابوری و بازاڕ و سیستەمی خوێندن و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییان گەیشت و ئاکامی دڵتەزێنی لێ کەوتەوە.

ئەمەش ئەزموونێکی تری گەلانی دنیا و بەتایبەت ئەڵمانیایە. بەهیوای بۆ سوود لێوەرگرتن، پەرۆیەکی لێ دادڕین.

***

<u>دووەم:</u>

**ژمارەی زۆری دانیشتوانی زەوی و مەترسییەکانی ژینگە:**

*****************************************************

بەپێی ڕاپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان:(( زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان لە جیهان دا، وەک

بەڵگەنامەیەک بەکار دەهێنرێت لەدژ هەوڵەکانی ژینگەپارێزیی)). دروشمەکە دەڵێ: زیادکردنی ژمارەی دانیشتوان لە وڵاتانی تازە پێشکەوتوودا، هەموو هەوڵەکانی وڵاتە پیشەسازییەکان تێک دەشکێنێ .



بەپێ ئاماری ناوبراو تا ساڵی ٢١٠٠ ««١٢»» ملیارد مرۆڤ زیاد دەکات.. پسپۆڕان پێیان وایە، گەر بێت و

ژمارەی دانیشتوان بەم شێوەیە زیاد بکات و نەخرێتە ژێر کۆنترۆڵەوە، کارێکی مەترسییە... لە ئێستادا ژمارەی دانیشتوان ١٠, زۆرینەی زیادبوونەکانیش لە ئەفەریقا بەتایبەت لە وڵاتانی:

: Burundi,Kongo,madagasker,Jemen,Sierra leon,Chad,Malawi,Haiti,Niger,Sambia.
کە بەرهەمی co٢ زۆر کەمە بوروندی ساڵانە تەنها ٠,٠٢٧ co٢ بەرهەم دێنێ. لەکاتێکدا ئەمەریکییەک دەبێتە هۆکاری ٥٤١ هێندە و رووسێک ٤٥٤ گلەیی ئەوەیە ئەم وڵاتانە هیچ بۆ ژینگە ناکەن و ئەنجام نادەن... بەواتایەکی تر ٢٠ نەتەوە پیشەسازییەکە نزیکەی ٨٠% co٢ بەرهەم دێنن.. پسپۆڕان پێیان وایە ڕەنگە ١٠ ملیارد دانیشتوان باش بێت و بتوانن بە تەندروست بژین لەسەر گۆی زەوی...

---

سەرچاوە: دێر تاگە شپیگل